www.kurdistannet.org
05/01/2002 20:33

خەمی بینەران دەربارەی خەمی چۆلەکەکان

نوسینی: خالید مەجید فەرەج/ بەلچیکا – لیوژن

١. خەمی چۆلەکەکان مۆنتاژەکەی ئەڵێی شێت کردویەتی، لەقتەکان زۆریان پەیوەندیان بەسەر یەکەوە نەبوو.

٢. ڕوداوەکان لەشاری سلێمانی دابوون، دەبوو حیوار بەزمـــــــانی زکمـــــــاکی پاڵەوانەکانی بێت، کەخەڵکی ئەو شارەن. واتا بـــــــــــەلەهجەی سلێمانی بەپێچەوانەوە ژنی ماڵەوە وکاسب و شێت و ڕۆشنبیر تێکڕا ئەتوت جەریدەیان لەبەر کردووە. نمونەی حیواریک، کە ئاڤان ئەڵێ سودفەیەکی جوان بـــــــوو، ئەوە تەرجەمەی حەرفی (محاسن الصدف)ی عەرەبیە کە لەو زمانەدا بۆ شتێک بەکاردێت، حەز بکەی ڕووبدات. بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئاڤان نەی دەویست وابێ، بۆیە پێویست بوو حیوارەکە، کەسێکی شارەزا بینوسێ.

نازانم بەهجەت بۆچی لە خەڵوەتگەی پیری دای کوتابوو، ئایا بـــــــەپێی قانون وەیان پەیڕەوی ئەوشوێنە یەکێک لەتەمەنی بەهجەت دا، حیسابـــــی پیری بۆ ئەکرێ، یان هەمووکارمەندانی خەڵوەتگە بۆ ئەوەندە سەرقـــــاڵی بوون، وەیان ئەو شتە گرنگانەی بەهجەت چی بوون، کە لەخەڵوەتگە کـــردبوونی و جگە لەو کەسی تر نەی ئەتوانی بیان کات وای لێ هاتبوو هەموو کچان وکوڕانی ئەو شوێنە موعجەب بن پێی و جار جارە ئاڤانی خوشکی ڤیانیش ئەهـــــات بۆسەیری. کاك حسێن میسری ڕەحمی پێکردبوین ئەگینـــــــــــا ئەبوایە ئێمەش بچوینایە بۆ سەیری بەڵام بە بیتاقە.

ئەو زنجیرەیە خاترانە وەیان رازی کردنی کەسانی تیدابوو. لەڕاگەیاندن کـــاك عباس بەدری و خاتوو قەشەنگ عەبدوڵڵا و کاك بەکر فەرەج، لە تاپۆ کاك عەتـــــــا و لە نەخۆشخانە دکتۆر هیوا عومەر و دکتۆرێکی تریش، ئەمانی دواییان دەورەکانیان لەچەند سانیەیەك تێ پەڕی نەکرد. حیکمەت لەدەرکەوتنی ئـــــــەو بەرێزانە دەبێ تەنها رازی کردنی تاپۆ و خەستەخانە و ڕاگەیاندن بێت، بە تایبەتی ئەو برادەرەی تاپۆ، چونکە چەند مەشهەدێکی لەوێگیرابوو بە حوکمی ئەو پەندەی (کانیەك ئاوت لێ خواردەوە دەورێکی تێ فڕی دە).

هەروەهـــــــــا عباس البدری ڕاستە دەست و قەڵەمی ڕەوانە بەڵام ئەکتەر نیە، لەوەش سەیرتر ئەو نوسەرە بەڕێزە کوردە و سالانێکی دوور و درێژ لە شاخ یووە، کەچی تائێستاش ناتوانێ بەکوردیەکی ئاسایی قسە بکا و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ عەرەبیەکەی بەقوەت تر ئەکا. ڕەنگە بترسێ لەبیری بچێتەوە.

٥. ئەکتەرەکان بێجگە لەسامانی چایچی کەسیان دەورەکەیـــــــــان بە ئاسایی نەدەبینی گرژیان زۆر پـــێوە دیـــار بوو، ڕەنگە یەکێ بڵێ بۆ درامای گوردی جارێ ماومانە، وردە وردە بەرەو پێشەوە ئەچین، من ئەڵێم ئەگەر تازەترین درامـای کوردی ئەمە بێ، ئەوە بەڕاکردن بەرەو دواوە ئەچین لانـــەوازان و چەخماخە بیست سالّ زیاتـــــرە بەرهەم هێناوون، ئـــــــەو کـــــاتە سەربەستی و ئیمکانیات زیاتر بوون یان نێستا...!!!؟؟؟

٦. بەهجەت بە حساب مۆسیقی بوو لەمەشهەدێـــــکدا دەرهێنەر لەبەینی دوو ئۆکردێوندا دای نابوو. وابزانم مەبەستی لەوەبوو بیسەلمێنێ، کە عازفی ئەو ئامێرەیە. ئەگەر یەکێك عـــازف بێت یەك ئۆکۆردێۆنی بەسە بۆ هونەرمەندی. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر باریشی کەی لە جۆرەها ئـــــامێر سوودی نابێ.

٧. ئەگەر بەرهەم هێنەری ئەو (درامایە) ئەگەر درامابێ...!! بۆ بینەران ئیش ئەکا، ئەوە زۆربەی زۆری بینەران هەمان بیرو ڕایان هەیە، دەکـــــــــــرێ هەموو کارێك پێش ئەوەی پارەی تیاسەرف بکرێ بیروڕای خەڵکانی ڕۆشنبیر و شارەزایانی لەسەر وەربگیرێ (هەرکەسێك چەناگەی ڕیشی پـــــێـــــوە بوو، ئێلەکیکی لەبەر کرد، شەرت نیە دەرهینەر یان پەیام نێربێت).

٨. لەو دیمانە تایبەتیەی کە بۆ لێدوان هەڵسەنگاندنی دراماکە لە کورساتەوە بە سی ئەڵقە بڵاوبۆوە زۆریەی زۆری بیر و ڕاکان لایەنی پۆزەتیفی خستە پێش چاو، نادیاری سەرەکی ڕای پێچەوانە بوو لە هەڵسەنگاندنی ئەو کارەدا.

©kurdistan Net